


# قفڵێکی هۆشمەند ئەمنییەتی زیاتر




# کامێرایەکی چاودێری گرنگ بەکارهێنانی ئاسان

کامێرا چاودێرییەکان بۆ دانان و بەستنیان پێویستیان بە کەسانی شارەزا هەیە، دەبێ بەردەوام مونیتۆر یان تی ڤییەکیان بۆ دابندرێ.. جگە لەوەش هاردێکی تایبەت هەبێت کە فیلمەکان لەخۆیدا تۆمار بکات. کەچی کامێرای جۆری EverCam بەمجۆرە نییە، بۆ دانانی پێویستی بە هیچ شارەزاییەك ناکات و لە هەر شوێنێك مەبەستە، دار، دەرگا پەنجەرە.. لە هەر شوێنێك دادەنرێ، پێویستی بە وایەریش نییە، چونکە بە سیستەمی وای-فای فیلمەکان دەگوازێتەوە. سیستەمێکی ناوەندی لەگەڵدایە کە فیلمەکان بۆ ئەم بەشە بەبێ وایەر دەگوازرێنەوە و بەشە ناوەندییەکە لەگەڵ کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت..

کامێراکە هەتا ساڵێك شەحنی دانابەزێت ئەمە بۆ کامێرایەکی چاودێری زۆر گرنگە، بەتایبەتی لە وڵاتێکدا کە کارەبا لە بڕان و پچڕاندابێت.. کامێراکە بۆ شەوی تاریکیش گونجاوە چونکە سیستەمی سەرووی تیشکی سووری هەیە، جگە لەوەش ئەوەندە هۆشمەندە جیاوازی نێوان گیانلەبەر و مرۆڤ دەکات، واتە ئەگەر مرۆڤێك بێتە ناو ژوورەکە زەنگی مەترسی لێدەدات بەڵام بۆ پشیلەیەك واناکات. بۆ تۆمارکردنی ڤیدیۆکانیش پێویست بە هارد ناکات، چونکە خۆی راستەوخۆ بۆ مایکرۆ میمۆری دەیانگوازێتەوە، لە هەر کەشو هەوایەکی نالەباردا کێشەی بۆ نایەتە پێش.

# سێگا جارێکی دیکەش گەڕایەوە

ئەگەر ئاوڕێك بەسەر ئامێرەکانی تایبەت بە یاری ئەلکترۆنی سێ دەیە لەمەوبەر بدەینەوە، دەبینین ئامێری سێگا (sega) لە ریزی ئامێرە پێشکەوتووەکانی سەردەمی خۆی دەهات.. کەچی دواتر ئامێری پێشکەوتووتر و تەکنەلۆژیای نوێتر بۆ یاری ئەلکترۆنی هاتە گۆڕێ و ئەوکات ئامێری سێگا لە مەیدانەکە چۆ دەرەوە.. بەڵام ئەمساڵ جارێکی دیکە بە گۆڕانکارییەکی نوێوە هاتۆتەوە مەیدانەوە..

کۆمپانیای سێگا ئامێری (Sega Mega Drive Mini) خستەڕوو، ئامێرە نوێیەکە هەمان نوستالۆژی جارانی هەیە و دەتباتەوە سەردەمی خۆی..

بەڵام لە سێگای ئەمجارەدا پێویست بەوە ناکات شریتی تایبەت بە یاری بخەیە سەر و خۆی سەدان یاری تێدا خەزن کراوە. هەرچەندە بەر لەو ئامێرەش چەندین یاری کلاسیك لەلایەن کۆمپانیای ناوبراوە بۆ ئەندرۆید بەرهەم هاتووە، وەك یاری ماریۆ و یاری تانك و تەقاندنەوەی مین و تاد..



لـە کوردەواریـدا دەڵێـن ماڵـی خـۆت توند بگـرە و کەس بـە دز مەگـرە، ڕەنگـە ئـەو پەندە بـۆ ئەو قفڵە هۆشـمەندە تـەواو لـە جێی خۆیدا بێت، لە جیهانی دیجیتالی ئەمڕۆدا ئامرازەکانـی چاودێـری و ئەمنییـەت چەنـدە زۆرە بوونە، لەوکاتـەدا ڕێگاکانـی خـۆ دەربازکردن لـەم ئامرازانەش بۆ کەسانی شارەزا ئاسانترن.. ئێستا سەردەمی قفڵە کۆنەکان نەمـاوە کـە بـە کلیـل بکرێنـەوە و هەرکەسـێك کلیلکـەی بکەوێتـە دەست بتوانـێ بـە ئاسانی بیکاتـەوە.. ئێسـتا سەردەمی دیجیتالیە و پێویستە قفڵەکانیش دیجیتالی بن. قفڵـی جـۆری Tapplock›s One ناوبانگـی گرنگترین قفڵـی هۆشـمەندی وەرگرتـووە. ئـەم قفڵە لەسـەرەتادا وەك قفڵێکـی ئاسـایی دێتـە بەرچاو، بەڵام لەراسـتیدا وا نییە، چونکـە قفڵەکـە تەنیا بـە پەنجە مـۆری بەکارهێنەرەکەی دەکرێتـەوە. جگـە لـەوەش لـە ڕێـگای مۆبایـل و بەهۆی سیسـتەمی بلوتوسـیش دەکرێتـەوە، بەکارهێنەرەکـەی دەتوانێت قفڵەکە بۆ ئەو کەسـانەی کە مەبەسـتییەتی بـەکاری بێنـن ئامـادە بـکا بۆیـە دەتوانێت ٥٠٠ پەنجەمۆر لەخۆیدا خۆبکاتەوە. قفڵەکە لە پوڵایەکی پتەو دروسـت بووە و لە کەش و هەوای نالەباریشـدا کێشەی بۆ نایەتە پێش.





## بچووکەکان شوێنی گەورەکان دەگرنەوە!

مینـی کۆمپیوتـەرەکان شـوێنی کۆمپیوتـەرە گەورەکانیـان گرتۆتـەوە، ئـەم بچـووك بوونـەوە هـەر جیهانـی کۆمپیوتـەری نەگرتۆتـەوە، بگـرە زۆربـەی ئامێـرە ئەلکترۆنـی و دیجیتالییـەکان بـەرەو بچـووك بوونەوە و کارایی زیاتر بوو و وزەی کەمتر بوونەتەوە.. مینی کۆمپیوتەرەکان، کۆمپیوتەرە قەبارە گەورەکانیان لەسـەر مێـزی کارەکان وەلانـاوە و ئێسـتا سـەردەمی کۆمپیوتـەرە بچووکەکانـە، ئەگەرچی لـەم هەرێمەی ئێمە چەند ساڵێکی پێدەچێت تا ئەوە جێ بکەوێ.


لـەم دواییەدا مینـی کۆمپیوتەری جۆری Chuwi Higame بەرهـەم هـات کـە بەهێزتریـن پرۆسـسـەری لەسـەرە ئەویش نەوەی هەشـتەمی ئەنتەلە و لەجۆری i7 core. کۆمپیوتـەرە بچووکـەکان بـۆ ئەرکـی زۆر قـورس وەك کاری گرافیکـی و سـینەمایی، نەخشەسـازی و پرۆگرامەکانـی دیزاینی بیناسـازی، یارییـە قـورس و بەهێـزەکان، کاری ڤیدیۆیـی و سـینەمایی و...تـاد زۆر گونجـاوە. رامەکـەی ٨ گیگابایتـە و میمـۆری ناوخۆی ٢٥٦ گیگابایتە کە هەردووکیان دەکرێ زیاد بکرێن.

## یەکەم مۆبایلی ئەندرۆیدی سورەیا


مۆبایلـی سـورەیا (Thuraya) ئـەو سیسـتەمەیە کـە هیـچ بەربەست و سنوور و وڵاتێك ناناسێ و لەهەموو شوێنێکی جیهاندا تۆڕەکەی بەردەستە، چونکە تۆڕی سورەیا، تۆڕێکی (ستەلایت)ە و بەهۆی مانگە دەستکردەکانەوە بڵاو دەبێتەوە.. بۆیە تێچووی پەیوەندییەکان لە نێوان ئەو تۆڕەدا لە هەموو شوێنێکی جیهان وەك یەکە و نرخەکەی بە بەراورد بە تۆڕی مۆبایلی دیکە گرانە..

هاندەکانـی پەیوەنـدی کـردن بـە تۆڕی سـورەیا زۆر سـادەن و وەك مۆبایلـە نۆکیـا سـادەکان.. لـەم دواییـەدا یەکـەم مۆبایلـی ئەندرۆیـدی تایبـەت بە تۆڕی سـورەیا بەنـاوی (Thuraya X5-Touch) بەرهـەم هـات. ئـەوە یەکـەم مۆبایلـی هۆشـمەندی ئەم تۆڕەیـە. مۆبایلەکـە دوو سـیم کارتـی لەسـەرە، یەکێـك تایبەت بـە تـۆڕی سـورەیا و ئـەوەی دیکە بۆ تۆڕە ئاسـاییەکان. هەموو تایبەتمەندییەکانی مۆبایلی هۆشـمەندی هەیە وەك وای-فای و بلوتوس و تایبەتمەندی دیکە..

شاشـەکەی ٥,٢ ئینجـە و فـول ئیـچ دییە، بـە ئـاو تـەڕ نابێت و تـۆز و خۆڵـی تێناچێت، هەرچەنـدە تایبەتمەندییەکانـی بەبـەراورد بـە مۆبایلە سمارتەکان زۆر کەمە، بەڵام بۆ یەکەم مۆبایلی سورەیا هەنگاوێکی سەرکەوتووانەیە.



# هێدستی واقیعی- مەجازی HTC Vive



هێدستە واقیعی- مەجازییەکان چەند ساڵێك دەبێتە هاتوونەتە ناو جیهانی تەکنەلۆژیای نوێوە، بەڵام هێشتا گشتگیر نەبوونە و لانی کەم لەم هەرێمەی ئێمەدا بەوجۆرە کە هەیە پێشوازی لێنەکراوە و خەڵك بەگشتی بۆی نامۆیە..

هێدستی واقیعی- مەجازی دوو جۆری هەیە، بەشێکیان سەربەخۆنە و پێویستیان بە مۆبایل نییە، بەشێکییشیان وێنە و یارییەکان لە مۆبایلەوە وەردەگرن، بەڵام هەردوو جۆرەکە یەك کارکردیان هەیە ئەویش ئەوەیە بینەر وا هەست پێدەکات لەناو ناخی فیلمەکە یان یارییەکە دایە.

کۆمپانیای HTC لەم ماوەیەدا هێدستێکی واقیعی- مەجازی خستەڕوو کە توانیویەتی ڕەزامەندی کۆمپانیای FCC وەربگرێ و بەو هۆیەوەش دەتوانێت زیاتر لە ١١٠٠ یاری و ئەپلکەیشن بە سەربەخۆیی و بەبێ مۆبایل بکاتەوە. هێدستەکە بە جۆری HTC Vive ناسراوە. هەروەك ئاماژەمان پێدا هێدستێکی سەربەخۆیە، شاشەیەکی بەهێزی هەیە بۆ نیشاندان و سپکەر و مایکی تایبەت بەخۆی هەیە.




## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن لە کتێبێکی PDFدا چەند لاپەڕەیەك بە ویستی خۆم جیا بکەمەوە؟

خوێنەری بەڕێز بۆ لێکجیاکردنەوەی لاپەڕەکانی PDF گەلێك پرۆگرام هەن هەر پرۆگرامی Adobe Acrobat یش زۆر گونجاوە، بەڵام ئەوەی خۆرایی ئەو تایبەتمەندییەی تێدا نییە، بەڵام باشترین ڕێگا گوگل کرۆمە، کتێبەکەت لەسەرەتا رابکێشە ناو گوگل کرۆم و بیکەوە، پاشان بچۆ سەر بەشی print لەودا فەرمانی Change لێبدە، لە خوارەوە چەند فەرمان دەردەکەون، فەرمانی save as pdf لێبدە و لە خوارەوە ئەو لاپەڕانەی کە نیازتە جیا بکرێنەوە بنووسە و خەزنی بکە.

# پرۆگرامێکی جۆکەر زۆر ئەرک لە کۆڵ دەکاتەوە



پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر، لەراستیدا دەتوانن تەنیا بۆ مەبەستێك بەکار بێن و یەك ئەرك ئەنجام دەدەن، ئەو پرۆگرامانەی چەند کارێك ئەنجام دەدەن کەمن.. بەڵام پرۆگرامی aTube Catcher بۆ ئەنجامدانی چەندین ئەرکە، بۆ دابەزاندنی ڤیدیۆ لە سایتەکان، هەروەها کۆنڤێرتی فایلەکان و گۆڕینی فۆرماتەکانیان، هاوئاهەنگی لەگەڵ ئامێرەکانی وەك تەبلێت و مۆبایل..

جگە لەوەش دەتوانێت فیلم لە شاشە هەڵبگرێتەوە، جگە لە فیلم فایلە دەنگییەکانیش دانلۆد دەکات. ئەرکێکی دیکەش دەتوانێت وەك پرۆگرامی nero دی ڤیدی کۆپی بکات. پرۆگرامەکە لەگەڵ ئەوەشدا قەبارەی بچووکە..

# زانیارییەکی کورت لەبارەی کارتی گرافیکی دەرەکی




به کا ر هێنه ر ی کۆمپیوتەر رەنگە باش بزانێت هاردی دەرەکی چییە، هاردێك کە دەکرێت داتاکانی خۆتی لەسەر دابکەی و هەڵبگری، هەمان ئەرکی فلاش میمۆری بەڵام بە قەوارەی گەورەتر... بەڵام ئەوەی سەروکاری زۆری لەسەر کۆمپیوتەر نەبێت نازانێت کارتی شاشە چییە، کارتی شاشە یان گرافیك کارت پارچەیەکە ئەرکی نیشاندان و رەنگەکانی سەرشاشە و رێکخستنیان ئەنجام دەدات، بەبێ کارتی شاشە بینەر هیچ شتێك نابینێت، هەتا کارتی شاشەش بەهێزتر بێت، رونی و دیقەی سەر شاشە گەشترە.. کارتی شاشە لەناو خودی کۆمپیوتەرەکەدایە، لەم دواییەدا خەریکە گۆڕانکارییەك لەم بوارەشدا بکرێ و کارتی شاشەی دەرەکیش بەرهەم بێت، واتە وەك پارچەیەك لەدەرەوەی کۆمپیوتەر بێت، یەکەم کارتی شاشەی دەرەکیش بەناوی eX Core بەرهەم هاتووە، لەناو ئەم پارچەیەکدا کارتی گرافیکی جۆری NVIDIA GeForce GTX 1050 هەیە کە رامەکەی ٤ گیگابایتە، ئەم جۆرە کارتی گرافیکیە بۆ گشت ئەو لاپتۆپ و دیسکتۆپانەی کە کارتی شاشەیان بێ هێزە گونجاوە.



## ماڵپەڕێک بۆ دروستکردنی کارت پوستاڵ

کارت پوستاڵ واتە ئەو کارتانەی بە بۆنەکانی جەژنی لەدایك بوون، سەری ساڵ، هاوسەرگیری، سەرکەوتن لە خوێندن و کاردا...تاد. دەبەخشرێن، سەردەمی خۆی گرنگی خۆی هەبوو، لەلای ئێمە بەبۆنەی جەژنی نەورۆز کارت پۆستاڵ وەك دیاری دەدرا بە دۆستان و ئازیزان. ئەم سەردەمە کە سەردەمی دیجیتالیە، کارت پوستاڵی دیجیتالیش هەیە، سایتێکی زۆر هەیە کە ئەرکیان دروستکردنی کارت پوستاڵە یەکێك لەم سایتانە سایتی https://crello.com/create/post-cards/ کە هەزاران کارت پۆستاڵی بۆ هەموو بۆنەیەك تێدایە، سەرێك لە سایتەکە بدە و ئەکاونتێك بۆخۆت بکەوە، بە ویستی خۆت کارت پۆستاڵ دروست بکە، تەنانەت دەتوانی لە وێنەکانی ناو کۆمپیوتەرەکەشت کارت پوستاڵ دروست بکەی.

## هاردیسکە کۆنەکانتان فڕێ مەدەن




کاتێك کۆمپیوتەرەکانتان تێکدەچن، ئیدی یان فڕێیان دەدەن یان دەیانخەنە ناو کۆگاوە، بەتایبەتی لە نووسینگەو ئیدارەکان و وەزارەتخانەکان، رەنگە تاکەکانیش هەمان کار بکەن و کۆمپیوتەرە کۆنەکانیان لە شوێنێك فڕێ دابێ..

کۆمپیوتەرە کۆنەکانتان ئەگەر هەموو پارچەکانیشی سوودی لێوەرنەگیردرێت، هارددیسکەکەی دەتوانرێ سوودی لێوەربگیردرێت و کەڤەرێکی نوێی بۆ دێنی و دەیکەی بە هاردی دەرەکی (هاردی پورتێبڵ) و سوودی لێوەردەگری..

لەم دواییەدا جۆرێك لە کەڤەری تایبەت بە هارددیسك بەرهەم هاتووە کە بە جۆرەکانی AD100 و AD300 ناسراون و لەلایەن کۆمپانیای ئەپیسەرەوە بەرهەم هاتوون.

ئەم کەڤەرانە بارستاییەکەی تەنیا ١٣ ملمە، دیزاینێکی زۆر سەرنج راکێشی هەیە. ئەم کەڤەرە کەلێنی USB 3.1 لەسەرە کە بۆ خوێندنەوە و خێرایی زۆر گرنگە. کەڤەرەکە لە پۆڵا و پلاستیکێکی پتەو دروستکراوە کە بە بەرکەوتن و کەوتنە خوارەوە هیچی لێنایەت، بەبێ هیچ شارەزاییەکی ئەوتۆ دەکرێت هارددیسکە کۆنەکەت بخەیە ناو ئەو کەڤەرەوە.